# وەرزێك نیە بۆ بەتەمابوون!

نووسینی /فەیسەڵ هەمەوەندی

دەزانم چەنەی چەند ساڵە بەسەر شرۆڤەنەکردنی ئەو چاوەڕوانیەدا تێدەپەڕێ،کە دایکمی بەتەماکردووە0من نەموێراوە بە هیچ جۆرێك پێیبڵێم  ئەو نایەتەوە،ئەو بۆ ئەوە نەچوە کە بێتەوە,ناشوێرم هەموو ئەو نامانە بە درۆ بخەمەوە کە لە باتی ئەو بۆم نووسیون,

ئەمرۆ هەراسانم ودالّدەیەك نیە لەنیو ئەو تیشکانەی چاوانی چاوەڕوانی دایکمدا کە هەڵدێن،سەبووریەك شك نابەم  بەیانیانێ‌لە ئینجانەی بەر پەنجەرەی چاوەڕوانیەکانیدا بیخەمە دووتوێی مشتێ خۆڵ ئەم دەمێکە خۆی لەوێ شینداوەو هەر بەتەمایە

من گووتبوم ئەو بۆ پەیامێك ناردویانەتە ئەو دیو،بە تێکڕای نامەکان رامگەیاندبوو کەنەهاتبووەوە0ئەمیش لە پاڵ متمانەکانیدا حەساوگەری ئەو رۆژانەبوو،کە لە عومری دەبەن و ئەو زووتر دێننەوە0

چ رۆژێکم لێچاوەڕوانە لەو راچەنینەی دایکم کە بە ئاگا دێ،کە بەئاگا دێ بۆ ماتەڵبوون هیچ قسەیەك ناکرێ 0((ئای لەو ساتانەی دایکم هیچ ناڵێ 00))

لەو ساتەی ئەم چاوەڕوان نیە من شتێك بلێم0 من هەموو قسەیەکم پێیە00بەلأم حەرفێکیانم بۆ ناوترێ0 دایکم وەك ئەوەی بۆ هەتا هەتایە هیچ نەڵێ،هیچ ناڵێ 0

من لەم رۆژە دەترسام 00بۆیە هیچم بۆ نەوتراوە0هەندێ قسە هەن ناوترێن0 زۆر ستەمە دایکێك لە زەمینەی عەشقی چاوەڕوانیدا بچرپێنیتە گوێی“

–ئێدی بە تەما مەبە00!!

ئەو لە شەو و رۆژێکدانەبوو00تا درك بەوە بکا کە دەبێ هەڵکشێ،لە نزیکەوە 00رۆژگار بە کتێبەکانیەوە زۆریان چرپاندبوە گوێی،لەو باس و خواسانەی بێ موتوربە کردن،بیرێکی نوێیان لێدەروێ0 بیرۆکەکان 00بێناونیشان نەبوون لە رەنگ گرتنی لادیوارێ00لاگەڕەکێك00لا000

بێبۆن نەبوون لە هەناسەی کڕوزانەوەی ئامێزی شەوێکی نابەخوایی0

دایکم چەند جارێ پێی گووتوم“

((تۆ و ئەو رەنگ و بۆتان لە باوکتان دەکا00!!))

هەوەڵ 00شانازیم بەو قسەیەوە دەکرد،بەلأم لەم دواییە بەو قسەیە ناڕەحەت دەبووم،زۆر دەترسام بە کەین و بەینی نامەکانی زانیبێ0

دوای خوێندنەوەی نامەکان،ئەم قەدەرێك دەینان بەسنگیەوەوقەدەرێکیتر بۆنی دەکردن، من ئەوەندە لە دایکم

بەشك نەبووم شتێك بڵێ،ئەوەندەی لە سارا تۆقیبووم0

سارا ئافرەتیك نیە بە ئاسانیی دایكم بۆم بلوێ،سارا دەمێبوو راستەوخۆ ئاشنای ئەو نامانەبوو كە دلاوەر لە پای عەشقەوە بۆی نووسیبون0

دایكم هیچ سەوادێكی نەبوو،بەلاَم وای لەووشەكان دەڕوانی00وەك بیەوێ بزانێ لە دەست و خەتی ئەو دەكەن،ئەوەندەی حاڵیبوونی دایكێك وایلێكردبوو لێیان رابمێنێ،بەڵكو سەفەرێ دێنە قسە0

دایكم بە سارایگووتبو"

((دڵم غایلەی كردبوو دلاوەر شتێكی هەبوو،من وامدەزانی داخوازیكردنی تۆبوو))

ساراش بە دایكمی گووتبو"

((بەرەبەیان00چۆلەكەكان زۆریان جریواندبوو،من خەبەرم نەببووەوە،بەلاَم ئەم نامەیەی بۆ بەجێهێشتبووین0))

دایكم قسەكانی بە خەتێكی دەستی ئەو دەخوێندنەوە،خوێندنەوەیەك چوون گەڕان بە شوێن پێی ئەو،وەك نووشتەنامەیەك بۆ پاڕانەوەی دایكیك لەبۆ سەفەری كوڕەكەی0ئەم دەیزانی ئەو قسەیەی بۆ كردبا،هەرگیز قایل نەدەبوو بەو سەفەرەی0

ئەمێستا00 قسەكانی ئەوی قبووڵەو دەینێ بە سنگیەوە0بۆ بوژاندنەوەی رووح لووتی پێوە دەنێ0

ئەو بەیانیە من ئاگاداربووم لە سەفەرەكەی،تا سەری كۆلاَنەكەیش بەرێمخست0نەمن ونەیش ئەو هیچ قسەیەكمان نەكرد،قسە لە هەڵوێستی وادا ناكرێ،شەوێزۆرمان بۆ یەك گێڕابووەوە 0ئەوەی سەری لێتێكدابووم ،ئەو شەوەكەی باسی نامەكەی سارای بۆنەكردبووم0 بەكەین وبەینی ئەو نامەیە نازانم و هیچ قسەیەكیشم بۆی نیە،لەنامەكانی خۆم بكەن0

دایكم واڕاهاتبوو هەموو ساڵێ مەراسیمێكی بۆ یادی رۆژی هەڵكشانەكەی ساز دەكرد،ئەو رۆژەبوو كە دلاوەر كتێبەكانی بۆ من و كەژاوەیەك لە ئەمەكبوون بۆ سارا و چاوەڕوانیەكی زۆری بۆ دایكی جێهێشت0 من تەواو ئاگاداری سەرهەڵدانی ئەو رۆیشتنەی بووم،دەمزانی كە نیشتمان لە یەخە درا00كە نیشتمان بووبە سمبولێك بۆ هەڵفڕین،نزیكترین كەس ناتوانێبەری لێ بگرێ0

زۆرم بەزەیی بەو دایكەدا دەهاتەوە00كەلە چاوەڕوانیدا شینبوەو وەرزێك نیە چووقەرەی پێبكات0 سەرەتای مەراسیمەكە بە یادی چەنەی چەند ساڵەی چاوەڕوانی ئەودا دەستی پێدەكرد،كە دایكمی بەتەما كردبوو0

* * *

بەرلەوی بەمەزەنەی خۆی ئەو بێتەوە،بەرلەوەی یەكێك لە دەرگابات و خەبەرێكی ئەو بێ بۆی،تەواو شكستەببوو0هەستمان كردبوو ئێدی ئەو ئافرەتە ماوەی نەماوە بۆ بەتەمابوون،بەهیچ كلۆجێك ساڵێكی تر چاوەڕوان نابێ ،ئەو ئەمێستا زۆر سەر راستە لەگەڵ خۆی،ئەو نایەوێ ئێمە بخەڵەتێنێ،ئەو بە ئاشكرا دەڵێ"

((ئەو بۆ ئەوە نەچووە كە بێتەوە00!!))

زۆر سەرسامبووم لەم تەقینەوەی دایکم،چۆن ئەمەی مێشکی منی خوێندووەتەوە، دەبێ شەوێ لە خەوندا وڕینەم بە نەهاتنەوەی ئەو کردبێ،00 دەکرێ ئەو قسەیە راست بێ کەدەڵێ00دایك ئەو خورپانەی کە پیا گوزەر دەکات،بادنگێکی بۆ نەهاتبێ لەووەوە0ئێ چ پێوویستی بەو هەمووساڵیادیە دەکرد0 ساراش وەك من حەپەسابوو،هەر وەك من ئەویش زاتی هیچ قسەیەکی نەبوو،نەیدەوێرا زار لە چکۆڵەترین پرسیار هەڵبێنێ0رەنگە زریانێك لەو سەرهەڵبدات و ئەمیش بلووشێ0

سارا چەنەی چەند ساڵە بە دیار نامەکانی ئەو هەڵکوڕماوە0 لەسەر سارا نەبوو هەموو عومری خۆی بەبادا بکات و000

من لەو هەموو نامانەی کە نووسیبووم،هیچم لە چاوەڕوانیدا بۆ سارا نەنووسیبوو،هەڵبەتە وویستوومە دایکم گوناهبار نەبێ لە بۆ چاوەڕوانی سارا،گوناهبوو ئەو کچە بڗاکێنین،گەورەترین گوناهی منبوو کە لەنامەیکدا ئەوم بۆ نەنووسیبوو،بەڵام ئەو قسیە نەدەکرا ،چەند زەحمەتە قسەیەکی وا لە قۆزاخە دەربێنی و بیکەی بە پەپوولەیەکی نابووت0من دەمووویست ئێدی چاوەڕوان نەبێت و خۆی بە یەکێکی ترەوە موتووربە بکات0کەسێك بە قەد کاکم ئاگاداری ناخی پاکی بێت0

سارا لەمەراسیمەکان نیگایەکی نەرمی دەگواستەوە لای من،من نەمدەوێرا هیچێك بڵێم،دەترسام لە دۆران0قسەی دۆڕاو نەکردنی باشترە0

من بەو ئەدرەسە لە سارام دەڕوانی ،وەرزێك لە بەتەمابوون و قەدەرێك لە چاوەڕوانیەکانی سەح کاتەوە0من نەمدەزانی چۆن قایلببوو لە دورگەیەکی چۆڵ بۆ تەنیایی هۆزانڤانبێ0 سارا وەك من و دایکم نیە ،ئەم بەجەستەو گیان چاوەڕوانی ئەوە0

دایکم زۆرجار بۆی گێڕاومەتەوە،شەوێ کاکم بەرووح سەری لێداوە،دایکم لە چاوەڕوانیەکانیدا ئەوەندەی سارا شپرزەنەبووە،رووحی ئەو سەریلێداوە0

بۆ دواجار دایکم ئەو قسەیەی کرد کە دەبوو من و ساراش بمانکردایە“

من لێتان دڵگران نیم کە هەموو ئەو قسانەتان بۆ من کردبوو،من دەمزانی دلاوەر نایەتەوە ،ئەو بۆ ئەوە نەچووبوو کە بێتەوە0ئەو چەنەی چەند ساڵە بە ئاواتی خۆی گەیشت و تەنها بۆ نەمری ناوی خۆی بۆمان جێهیشت0بەڵام حەزم نەدەکرد ئەوەی ئەو بۆی چووبوو من لەبەر حەزی خۆمان کوێری کەینەوە0

دایکم دوای ئەو قسەیە 00 بەچەند رۆژێك بارخانەی چاوەڕوانیەکانی کۆکردبۆوە،دیاربوو زانیبووی 00ئێدی وەرزێك نیە بۆ بەتەمابوون0

تا گیانی نەدا بەو نامەیەمان نەزانیبوو ،کە چەنەی چەند ساڵ بەدەستی دایکم گەیشتبوو لە مەڕ شەهیدبوونیەوە0

کـــــەرکـــــوك 2005